# یاداشتنامەی   لێك تێگەیشتن

بە مەبەستی بەرژەوەندی گشتی و لە سۆنگەی پرەنسیپێك کە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت شان بە شانی یەکتر هاوکار و پاڵپشتی یەکترین بۆ خزمەتکردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان.

لە پرۆژەیەکی پەروەردەیی و زانستی گروپی زانکۆکانی جیهان بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت کە لە پرۆسەیەکی پەروەردەیی رێگاکانی وانەوتنەوە (پێداگۆجی) (کە هاوپێچ کراوە) خولی تایبەت بۆ مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بکاتەوە لە زانکۆکانی جیهان لە پارێزگاکانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی) بۆ راهێنانی مامۆستایانی کەرتی گشتی لەسەر نوێترین و پێشکەوتووترین رێگەکانی وانە وتنەوەو ئاشناکردنیان بە ستراتیجیە کاریگەرەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان.

هەردوو لایەن رێکەوتن لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەکە و دیاریکردنی ئەرکەکان وەك لە خوارەوە ئاماژەی پێ کراوە:-

لایەنی یەکەم: وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لایەنی دووەم: ئەمینداریەتی گشتی زانکۆکانی جیهان.

سەرۆکایەتی زانکۆی جیهان / سلێمانی
نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ

لایەنی یەکەم:

1- هەڵدەستێت بە دیاریکردنی ناوی (300) مامۆستا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ هەر پارێزگایەك 100 مامۆستا بۆ بەشداریکردنیان لەخولی یەکەم.

2- لە لیژنەیەکی هاوبەشی نێوان وەزارەتی پەروەردە و زانکۆکانی جیهان سەرپەرشتی و بەدواداچوون بۆ بەڕێوەچوونی خوولەکە دەکات.

لایەنی دووەم:

1- هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی خولەکە لە راهێنەر و دابینکردی هۆڵ و سەرجەم کەرەستەکانی خولەکە بۆ مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە بەهەمئاهەنگی (هاوکاری و رێنمایی) وەزارەتی پەروەردە.

2- لە لیژنەیەکی هاوبەشی نێوان وەزارەتی پەروەردە و زانکۆکانی جیهان سەرپەرشتی و بەدواداچوون بۆ بەڕێوەچوونی خوولەکە دەکات.

3- بڕوانامەی بەشدارییبوون بۆ سەرجەم مامۆستایانی بەشداربوو ئامادە دەکات.

شوێنی خول: هۆڵی زانکۆکانی جیهان لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر – سلێمانی – دهۆك)

کاتی خول: وەزارەتی پەروەردە بڕیاری لەسەر دەدات.

بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو لایەن واژوویان لەسەر پرۆسەکە کرد

| | |
|---|---|
| د. ئەوزاد یحیی سعید باجگر | ئالان حەمە سەعید |
| سەرۆکی دەستەی ئەمینداری زانکۆ و پەیمانگە و قوتابخانەکانی جیهان | وەزیری پەروەردە |
| 2022/ 7 /26 | حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| | 2022/ 7 /26 |